**نارەزایەتی نزیك بە ٦٠٠ هەڵسوڕاوی كۆمەڵایەتی لە سەر گیرانی خەدیجە موقەدەم**

نزیك بە ٦٠٠ كەس لە هەڵسوڕاوانی كۆمەڵی مەدەنی ئێران بە ئیمزا كردنی نامەیێك رەخنەیان لە گرتنی خەدیجە موقەدەم پاریزەری مافی مرۆڤ گرت.

ئەوانەی ئیمزای ئەو ڕاگەیێندراوەیان كردوە خوازیاری ئازادی بە پەلەی خەدیجە موقەدەم بوون.

لەو نامەدا خەدیجە موقەدەم وەك یەكێك لە تێكۆشەرانی پارێزگاری لە ژینگە و هەروەها پارێزەری مافی ئافرەتان و منداڵان هاتووە.

بە پێی ئەو ڕاگەیێندراوە، هەوڵدان بۆ پەیدا كردنی كار بۆ ژنان و هاوكاری لەگەڵ شاردارییەكان بۆ بارهێنانی شێوەی پاك كردنەوەی پاشماوەكان لە تاران، بەشداری لە كار و جوڵانەوە ئیعترازیەكانی دژی شەڕ، هاوكاری كردن لەگەڵ كەمپەینی یەك ملوێن ئیمزا كە بۆ لابردنی قانوونی جیاوازی دانان لە دژی ئافرەتان لە ئێران دا چالاكی دەكا، لە هەڵسوڕاونەكانی خەدیجە موقەدەم بووە. ناوبراو بە تاوانی، چالاكی لە دژی ئەمنیەتی نەتەوەیی و هەروەها تێكدانی ڕای گشتی، لە ماڵەكەیدا گیرا.